# کوژرانی مێژوونووسی گەورەی کورد شەرەفخانی بدلیسی

د. جەبار قادر
(هۆلاند)

بەم دواییە ڤورالّ گەنچ و مستەفا دەهقان، کە دوو توێژەری بواری مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی نزیکن لە زانکۆی ئەستەنبۆل، چوار بەڵگەنامەی ئەرشیڤی عوسمانییان بڵاوکردەوە، لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە شەرەفخانی بدلیسی بە مەرگی ئاسایی نەمردووە، بەڵکو لە سەر دەستی کاربەدەستانی عوسمانی کوژراوە، لە بەڵگەنامەکانەوە ئەوە تێدەگەین کە بەگلەربەگی وان هێرشی کردۆتە سەر بدلیس و هێزەکانی میرنشینەکە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، لە شەڕەکەدا هێزەکانی میری بدلیس تێک شکاون و خۆیشی کوژراوە، بەڵگەنامەکان نە باس لە وردەکاری پەلامارەکە دەکەن و نە هیچ ئاماژەیەکیش بە هۆکارەکانی دەدەن، تەنیا باس لە سەروەت و سامەنە تاڵانکراوەکەی شەرەفخان دەکەن و زۆر بە ڕوونی پەرۆشی سوڵتان محەمەدی سێیەمیش(١٥٩٥ - ١٦١٧) دەردەخەن بۆ دەستگرتن بە سەر گەنجینە دەوڵەمەندەکەی میری بدلیسدا، بە هەمان شێوەش بەڵگەنامەکان هیچ ئاماژەیەکیان لە مەڕ کات و چۆنێتی کوشتنی شەرەفخان تێدا نییە، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنامانە بێ ئەوەی مەبەستیان بێت، نا دروستی ئەو ڕێکەوتە دەردەخەن کە تا ئێستا جۆرێک لە یەکدەنگی لە بارەوە هەبووە لە مەڕ ساڵی کۆچی دوایی شەرەفخان (١).

کارەکەی ئەم دوو توێژەرە مایەی دەسخۆشییە، بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامە مێژووییانە دەرفەتی نوێ دەخەنە بەردەم توێژەران بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بارەیەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکاندا هەندێ دید و بۆچوونیان لە مەڕ ڕووداوەکانی میرنشینی بدلیس لەو سەردەمانەدا خستووەتە ڕوو کە دەکرێت ببن بە بابەتی لێکدانەوەی جیاواز، لەم بارەیەوە پێویستە ئاماژە بە



**نیکۆلای نیکۆلایەڤیچ میکلوخە – مەکلای (١٨٤٦ – ١٨٨٨)**

هەندێ زانیاری مێژوویی زانراو بکەم.

شەرەف کوڕی شەمسەددین کوڕی شەرەفخان لە ٢٥ شوباتی ١٥٤٣ لە شارۆچکەی گریهرودی دەڤەری قوم لە ئێران هاتووەتە دنیاوە، حەوت - هەشت ساڵ بەر لە دایکبوونی، عوسمانییەکان باوکیان لە سەر تەختی میری بدلیس لابرد، ئەویش، واتا میر شەمسەددین لە ڕقی ئالی عوسماندا دایە پاڵ دوژمنە سەرسەختەکەیان کە دەوڵەتی سەفەوی بوو، ئەو سەردەمە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە ململانێیەکی سەختدا بوون بۆ بالادەستی لە ڕۆژهەلات، بگرە هەموو جیهانی ئیسلام، شەرەف نزیکەی ٣٥ ساڵی ژیانی لە ئێران بەسەر برد. لەو ساڵانەدا خۆی و باوکی و خەڵەفی برای، چالاکانە تێکەڵاوی دەزگاکانی کارگێڕی دەوڵەتی سەفەوی بووبوون و خاوەن پێگەی تایبەتی و گرنگی خۆیان بوون، شەرەفخان ساڵی ١٥٧٨ دایەوە پاڵ عوسمانییەکان و بە ٤٠٠ سوارەوە لە نەخچەوانەوە ڕووی کردەوە کوردستان، ساڵی مردنی شەرەفخان تا ئێستا بە وردی دیار نییە، ئەوەی لە وەرگێڕانەکەی هەژاردا هاتووە، پێش ئەو و لە پاش ئەویش، لە زۆر سەرچاوەی دیکەدا ئاماژەی پێ کراوە، گوایە ساڵی ١٦٠٣، یان ١٦٠٤ ماڵئاوایی لە دنیا کردووە. ئەو بۆچوونەی هەژار لە سەر بنەمای نامەیەکی (زیا شەرەفخان)ە، کە لە لبنانەوە بە تورکی بۆ هەژاری ناردبوو، زیا شەرەفخان خۆی بە یەکێک لە نەوەکانی بنەماڵەی شەرەفخانی بدلیسی ناساندووە، نامەکەی زیا نزیکەی ٣٧٠ ساڵ لە دوای مردنی شەرەفخان نووسراوە و هیچ بەڵگەیەکی مێژووییشی نەخستووەتە ڕوو بۆ ئەو بۆچوونەی، بۆیە ناکرێت وەک ڕاستییەکی مێژوویی مامەڵەی لە تەکدا بکرێت(٢).

مێژوونووسی گەورەی کوردیش دوکتۆر کەمال مەزهەر پێی وایە، دەبێت شەرەفخان پێش ئەو ڕێکەوتە مردبێت، ئەم بۆچوونەشی لە سەر ئەو بناغەیە بنیاد ناوە، کە ناکرێت شەرەفخان دوای تەواوکردنی شەرەفنامە چەند ساڵێکی تر لە ژیاندا مابێت و هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەنووسیبێ، لەم بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێ"ڕێگەی تێ ناچێت ئەو پیاوەی لە ڕێگەی زانستدا دەسەلاتی خستە لاوە و دوای شەرەفنامە - قەڵەمیشی خستبێتە لاوە"(٣). ئەوەی تا ئێستا زانراوە شەرەفخان هاوینی ساڵی ١٥٩٧ لە نووسینی بەشی یەکەمی مێژووەکەی بووەتەوە، کە بە "شەرەفنامە" ناوی ڕۆیشتووە و یەکسەر دەستی بە بەشی دووەمی کردووە، کە بە "خاتمە" ناوی دەرکردووە و لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٥٩٨دا لە نووسینی ئەمیشیان بووەتەوە، دوکتۆر کەمال مەزهەر کۆتایی هەمان ساڵ بە کاتی کۆچی دوایی شەرەفخان دەزانێت(٤).

ئەوەی کە شەرەفخان بۆ نووسینەوەی مێژوو، وازی لە تەختی میرێتی هێناوە، وەک بە خۆی لە کۆتایی ژیاننامەکەیدا باسی کردووە، کاتێ دەڵێت "ئەرکی دنیادارییەکەشم بە فرزەندەی بە بەروبووم: ئەبولمەعالی شەمسەددین بەگ سپاردووە - خوا دەست دەبن باڵی گرێ و هەمیشە بالا دەستی کا... خوای گەورە یاریدەی دام و بنووسە وردەکارەکەم بەرمووری دڕ و مرواری سەربهۆرد و ئاسەواری مەزنەکانی کوردەواری زۆر بە دانستە و...تاد"(٥)، بەڵگەنامە مێژووییە نوێیەکان هەرچەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت دەری دەخەن کە دەسەلاتی عوسمانی ناچاریان کردووە دەستبەرداری دەسەلات بێ، زانیارییە نوێیەکان لە بارەی بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی میرنشینی بدلیس لە نەوەدەکانی سەدەی شازدەم و دەسپێکی سەدەی حەڤدەمدا، کە لەگەڵ دوا ساڵەکانی ژیانی شەرەفخاندا هاودەمن، ئاماژە بە کێشە قووڵەکانی لەگەڵ دەروازەی بالا و نوێنەرانیدا لە کوردستان دەکەن، بە تایبەتی لەگەڵ ئەحمەد پاشای بەگلەربەگی وان ئەم بارودۆخە کۆمەڵێ پرسیاری نوێی لەم بارەوە دروست کردووە، پرسیارە سەرەکییەکەش ئەوەیە

ئایە دەست هەڵگرتنی لە تەختی دەسەڵات بە خواستی دڵی خۆی بووە، یان سوڵتان و بەگلەربەگی وان ناچاریان کردووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و گەلێ پرسیاری دیکەش، دەبێ چاوەڕوانی دۆزینەوەی بەڵگەنامە و زانیاری مێژووی نوێ بین.

زانای بەناوبانگی ڕووس میکلۆخە مەکلای(٦) دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، ئاماژەی بەوە کردووە کە شەرەفخانی بدلیسی بەشی دووەمی شەرەفنامەی، واتا "خاتمە" لە نێوان کۆتایی (ذي الحجة ١٠٠٥) ١٣ ئابی ١٥٩٧ و کۆتایی محەڕەم (١٠٠٧) کۆتایی ئابی ١٥٩٨دا نووسیوە، واتا بە ساڵێک و نیو مانگ تەواوی کردووە. هەر ئەو زانایە دەڵێت "دوو لە سەر سێی خاتیمەی بە ساڵێک نووسیوە و ئەو یەک لە سەر سێیەکەی دیکەی بە کەمتر لە مانگێک تەواو کردووە"(٧). ڕەنگبێ ئەو پەلە کردنەی شەرەفخان بۆ تەواوکردنی خاتیمەکەی پێوەندی بە کێشەکانی لەگەڵ بەگلەربەگی وان و هەندێ ململانێی نێوخۆی بدلیسەوە هەبووبێت، چونکە هەندێ ئاماژە لە بەردەستن کە لەگەڵ خەڵەفی برایدا نێوانیان زۆر باش نەبووە، بەڵام مەترسی هەرە گەورە لە سەر خودی شەرەفخان و ئاسایش و سەقامگیری بدلیس پیلانەکانی بەگلەربەگی وان بوون، هەڵبەتە بە پشتیوانی تەواوی دەروازەی باڵا.

ئەو بەڵگەنامانەی ئەرشیفی عوسمانی کە تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە کەمێک تیشک دەخەنە سەر دوا ساڵەکانی ژیانی شەرەفخانی بدلیسی، کە وادیارە خۆی دەرفەتی ئەوەی نەبووە لە شەرەفنامەدا تۆماریان بکات، بەڵام ئەم بەڵگەنامانەش یارمەتی توێژەر نادەن، نە کاتی مردنی شەرەفخان بە وردی و نە هۆکارەکانی کوشتنی یەکلا بکاتەوە(٨).

ئەو دوو توێژەرەی بەڵگەنامەکانیان بڵاوکردووەتەوە، هەندێ سەرنجیان لە سەر ژیاننامەی شەرەفخان خستووەتە ڕوو و هەوڵیان داوە بەشێک لە کەلێنەکانی ئۆتۆبیۆگرافیاکەی پڕ بکەنەوە، بەشێکی ئەو دید و بۆچوونانە هێشتا گریمانەن و تا بەڵگەنامەی دەرنەکەون و نەخرێنە بەردەستی توێژەران، ناکرێت وەک فاکتی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ڤۆراڵ گەنچ و مستەفا دەهقان پێیان وایە شەرەفخان لە نێوان ساڵانی ١٥٩٩ و کۆتایی ١٦٠١ کوژراوە، لە هەموو حاڵەتێکدا کوژرانی شەرەفخان پێش ئەیلوولی ١٦٠٢ بووە کە فەرمان و نامەکانی سوڵتانیان تێدا نووسراون، هەواڵەکانی کوژرانی شەرەفخان و تاڵانکردنی سەروەت و سامانەکەی کە لە نامەکاندا بەهەزار بار خەملێنراوە "بە پێی فەرهەنگی دەستەواژە و زاراوە عوسمانییەکان هەر بارێک بریتی بووە لە سەد هەزار ئاقچە"، دواتریش دیارنەمانی هەموو ئەو سەروەت و سامانە و دزینی لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە لە وان و کاردانەوەی توندی سوڵتان و ناردنی نوێنەری تایبەت و فەرمان و نامەکانی و ئاماژەکردنی بە لیستی تەواوی سامانی میری بدلیس بە پێی ئەو لیستەی لە خەڵەف خانی برای شەرەفخانەوە بە دەستی گەیشتبوو، دەبێت هەموو ئەم کەینوبەینە و بێنەوبەرەیە ماوەیەکی کێشابێ، بۆیە زۆر ڕێی تێدەچێت کە شەرەفخان لە بەهاری، یان هاوینی ساڵی ١٦٠١ کوژرابێت، چونکە ئاماژە هەن کە ساڵی ١٦٠١ هێشتا لە ژیاندا بووە، ڕەنگبێ لە سەرەتای ئەو ساڵەدا هێشتا لە ژیاندا بووبێت و وەک باو بووە و ئێستاش هەر باوە سوپای تورک هەمیشە لە بەهار، یان هاویندا پەلاماری کوردستان دەدات، وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەو لە شەڕدا لە دژی بەگلەربەگی وان سوپاکەی شکستی هێناوە و خۆیشی لە تەمەنی نزیک شەست ساڵیدا (١٥٤٣ - ١٥٦١) کوژراوە، بەڵگەی ئەم قسەیە ئەو چوار نامەیەی سوڵتانە بۆ بەگلەربەگی وان کە سێیانیان ڕێکەوتی (٢٧ ربيع الأول ١٠١١ کۆچی) کە دەکاتە ١٤ ئەیلوولی ١٦٠٢ و چوارەمیشیان (١١ ربيع الثاني ١٠١١ کۆچی) کە دەکاتە ٢٨ ئەیلوولی ١٦٠٢ بەسەرەوەیە، لەو چوار بەڵگەنامەدا پێنج جار ئاماژە بە کوشتنی شەرەفخان و شەرەفخانی کوژراو (قتل أولنان) کراوە، لە کۆتایی ئەم وتارەدا وێنەی بەڵگەنامەکان و



ڕێکەوتەکانیان دانراون.

شەرەفخان لە سەردەمی سوڵتان موڕادی سێیەمەوە (١٥٧٤ – ١٥٩٥) نێوانی باش نەبوو لەگەڵ دەروازەی باڵادا، کاتێ بە پێچەوانەی فەرمانەکانی پێشووی ئالی عوسمانەوە، کە مافیان دابوو بە ئەندامانی بنەماڵەکەیان سەرپەرشتی میرنشینی بدلیس بکەن، مورادی سێیەم ئامادە نەبوو دان بە فەرمانڕەوایی شەرەفخاندا بنێت و ناچاری کردبوو پایتەختی میرنشینەکەی لە بدلیسەوە بگوێزێتەوە بۆ حازۆ. بەگلەربەگی وان سیاسەتی توندی دەروازەی باڵای لە دژی شەرەفخان بەڕێوە دەبرد و ڕۆڵی گەورەشی لە تێکدانی نێوان سوڵتان و شەرەفخان گێڕا. بارودۆخی کوردستان لە کۆتایی سەدەی شازدەم و دەسپێکی سەدەی حەڤدەم ناسەقامگیر بوو، ئاژاوەی نێوان سەردار و دەرەبەگ و سەرۆک هۆزەکان بەردەوام بوو، لەو لاشەوە شا عەبباسی یەکەم(١٥٧١ – ١٦٢٩) خەریکی داگیرکردنەوەی تەوریز و پاوانخوازی بوو لە باکووری کوردستان، بۆ بەجێ هێنانی ئەم سیاسەتەشی پێویستی بە پشتیوانی میرانی کورد هەبوو، لەم بوارەشدا پێشینەی پێوەندی توندوتۆڵی بنەماڵەی میرانی بدلیس لەگەڵ شایانی سەفەویدا شەرەفخانیان دەکردە باشترین کەس بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی شا عەبباس، وادیارە کاربەدەستانی عوسمانییش هەر بەم شێوەیە پرسەکەیان لێکدەدایەوە، بۆیە گومانی زۆریان لەوە هەبوو کە تەنیا شەرەفخان دەتوانێت لە نێو میرانی کورددا سەرکردایەتی ئەم ڕەوتە بکات و دەست لەگەڵ شا عەبباسدا تێکەڵ بکات، ئەمەش گەورەترین مەترسی لە سەر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دروست دەکرد، نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە کەفکاز(قەفقاس) و هەموو ڕۆژهەڵات، کاربەدەستانی عوسمانی لە نامە و نامەکارییەکانیاندا شەرەفخانیان بەوەش تۆمەتبار کردووە کە پێوەندییەکانی لەگەڵ شای ئێراندا بەکار هێناوە بۆ ئەوەی خۆی لە باجدان بدزێتەوە(٩).

هەرچەندە ئاماژە بە هۆکاری دیکەش کراوە بۆ کوشتنی شەرەفخان لەسەر دەستی کاربەدەستانی عوسمانی، بەڵام پێموایە گومانی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ شا عەبباسی سەفەوی و پێوەندی لەگەڵ ڕابەرانی سەرهەڵداوە جەلالییەکاندا(١٠)، دوو مەترسی هەرە گەورە و خەتەرناک بوون بە لای دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە، چونکە دەیانتوانی باڵادەستی دەروازەی باڵای لە هەموو کوردستان، بگرە ڕۆژهەڵاتی نزیک بخەنە مەترسییەوە.

لە تەک ئەو دوو هۆکارە سەرەکییەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن، دەکرێت هەندێ فاکتەر و هۆکاری دیکەش بخەینە ڕوو کە ئەم دوو توێژەرە و هەندێ سەرچاوەی دیکەش لابەلا باسیان لێوە کردوون:

**یەکەم:** بەهێزبوون و فراوانبوونی میرنشینی بدلیس لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شەرەفخاندا و هەوڵەکانی بۆ لکاندنی هەندێ ناوچەی دیکە بە میرنشینەکەیەوە، ئەمە ڕاستەوخۆ ڕوو بە ڕووی پەلامار و هێرشەکانی بەگلەربەگی وانی کردەوە. ئەم هەوڵانەی شەرەفخان بەلای ئەو کاربەدەستە عوسمانییەوە جۆرە پاوانخوازییەک بوو کە نەدەبوو پشتگوێ بخرێت، زوو زوو دەروازەی باڵای لێ ئاگادار دەکردەوە و مەترسی ئەم هەڵسوکەوتانەی شەرەفخانی بۆ کاربەدەستانی باڵا دەخستە ڕوو، ئەوەشی لە بیر نەدەکرد پێوەندی مێژینەی بنەماڵەی شەرەفخان لەگەڵ سەفەوییەکاندا وەبیر دەروازەی باڵا بهێنێتەوە. شەرەفخان زۆر هەوڵی دەدا خۆی بە دوور بگرێت لە پریشکی ئاگری ململانێی سەختی عوسمانی و سەفەوی و جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بە تەواوی وەک میرانی دیکە نەبێتە پاشکۆ و ئەڵقە لە گوێی هیچ کام لە سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران، ئەمە هەوڵێکی بنەماڵەیی و عەشیرەتی بوو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی و هۆزی ڕۆژەکی لە بدلیس و ناکرێت لە قەبارەی خۆی گەورەتر بکرێت، ڕەنگبێ هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بێت کە سوڵتان ئامادە نەبوو دان بە فەرمانڕەوایی شەرەفخاندا بنێت و لە ناوەڕاستی نەوەدەکان ناچاری بکات پایتەختەکەی بگوێزێتەوە بۆ حازۆ.

**دووەم:** شەرەفخان پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بوو و سەروەت و سامانێکی زۆری پێکەوە نابوو، خۆشی لە باجدان بە دەوڵەتی عوسمانی دەدزییەوە و هەوڵی دەدا شای سەفەوی لەم بارەیەوە بیپارێزێت. چاوتێبڕین و



تەماحی کاربەدەستانی باڵای عوسمانی لە سەروەت و سامانەکەی، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پەلاماردانی بدلیس و تالانکردنی گەنجینەکانی هەبوو، مێژووی دەوڵەتی عوسمانی هەر لەو کاتەوە کە میرنشینێکی بچووک بوو لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بریتی بوو لە پاوانخوازی و تالانکاری، سوپای عوسمانی گەیشتبێتە هەر شوێنێک سەروەت و سامانی خەڵکەکەی تالان کردووە و ژن و منداڵانی کریستیانەکانیشی کردووە بە کەنیزە و دوێشرمە، ئەم بەڵگەنامانەی ئەو دوو توێژەرە بڵاویان کردوونەتەوە، بە ڕوونی ئەو ڕاستییە دەردەخەن، چەندێ سوڵتان لە هەوڵی ئەوەدا بووە هەموو سەروەت و سامانەکەی شەرەفخان بگاتە دەستی و فەرمان دەدات بە توندترین شێوە سزای ئەو کاربەدەستانە بدرێت کە دەستیان بۆ شتێکی بردووە، ئەم تالانکردنەی بدلیس لە سەر دەستی عوسمانییەکان دووبارە و چەند بارە بووەتەوە، گەنجینەکانی شەرەفخانی باپیرە، شەرەفخانی مێژوونووس و دوای ئەمانیش میر عەڤداڵ، هەمان چارەنووسیان هەبوو، کە ئەولیا چەلەبی بە دووردرێژی لە سیاحەتنامەکەیدا وردەکارییەکانی گێڕاوەتەوە، ڕەنگبێ مرۆڤ بۆی هەبێت لێرەدا بپرسێت: ئەی نەدەکرا بەو هەموو سەروەت و سامانە کەرەستەی بەرگری کردن لە خۆ و میرنشینەکە دەستەبەر بکرابانایە و ئاوها بۆ چەندەمین جار بەو جۆرە بەر تالان نەکەوتبانایە؟.

**سێیەم:** عوسمانییەکان شەرەفخانیان بەوەش تۆمەتبار کردووە گوایە هانی میرانی کوردی داوە لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی ڕاپەڕن و ئاژاوە بنێنەوە، ڕاستە لەو سەردەمەدا کوردستان و هەموو ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نا سەقامگیر و پڕ لە ئاژاوە بوون و شەرەفخان داوای یارمەتی لە سەردارانی کورد دەکرد بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕووی پەلامارەکانی بەگلەر بەگی وان ببنەوە، ململانێ نێوخۆییەکانی نێو بنەماڵەی میرانی بدلیسیش ڕۆڵی خۆیان لە لاوازکردنی میرنشینەکە لە بەردەم دوژمنانیدا گێڕاوە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی شەرەفخاندا کێشە و ئاڵۆزی هەبوونە(١١).

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

M.Dehqan, Vural Genç, Why Was Sharaf Khan Killed?.

لەم وتارەی ئەو دوو توێژەرە کە لە سەر سایتی:www.academia.ed دانراوە، کۆپی بەڵگەنامە ئۆریجیناڵە عوسمانییەکان نابینرێن، دەقی بەڵگەنامەکانیان بە پیتی تورکی لاتینی نووسیوەتەوە و کردوویانن بە ئینگلیزی. وێنەی بەڵگەنامەکان کە لەگەڵ ئەم وتارەدا بڵاوکراوەتەوە، لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: شەرەفنامە، نووسینی شەرەفخان بدلیسی، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بەرگی دووەم، بنکەی ژین، ٢٠١٧، لل. ١١٠٢ - ١١٠٣، هەر لەوێش دەقی بەڵگەنامەکان کراون بە کوردی و لە لاپەڕەکانی ١٠٩٦ -١٠٩٩ بڵاوکراونەتەوە، من وتارەکەم بەر لە بینینی ئەم چاپەی شەرەفنامە ئامادە کردبوو، بۆیە پشتم بە دەقە تورکی و ئینگلیزییەکەی ئەو دوو توێژەرە بەستووە، هەر لە بەر ئەوەش لێرەدا بە پێویستم نەزانی وەرگێڕانە کوردییەکەی خۆم بڵاوبکەمەوە.

٢- بۆ دەقی نامەکە بە تورکی و وەرگێڕانە کوردییەکەی بڕوانە: شرفنامەی شرفخانی بدلسی، نەجەف ١٩٧٢. ل٧٩٠ -٧٩١.

٣- دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو - کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، بەغدا ١٩٨٣، ل١٠٧.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥ - ١٠٦.

٥- شرفنامە، ل٧٨٤ -٧٨٧.

٦- نیکۆڵای نیکۆلایەڤیچ میکلوخە مەکلای (١٨٤٦ - ١٨٨٨) زانایەکی گەورەی ڕووسی سەدەی نۆزدەمە لە بوارەکانی ئێتنۆگرافیا، ئەنترۆپۆلۆژیا و بایۆلۆژیا کاری زۆری کردووە، گەڕیدەیەکی بەناوبانگیش بووە بۆ وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئۆقیانووس و ئوستورالیا، خوێندنی بە ئەڵمانی بووە و بەشێکی زۆری ژیانی لە دەرەوەی ڕووسیا بەسەر بردووە، لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا خانمێکی ئوستورالی خواستووە، هەڵگری بیر و باوەڕی مرۆڤدۆستی و پێشکەوتنخواز بووە، لە دژی بازرگانی کۆیلە و تیورییە ڕەگەزپەرستییەکان بووە، لە ساڵانی خوێندندا چالاکانە بەشداری لە خۆپیشاندانی قوتابیاندا دەکرد و دەستگیر کراوە، بە هەوڵی نووسەری ڕووس ئەلیکسی تۆڵستۆی "نەک لیو تۆڵستۆی"، کە دۆستی باوکی بووە ئازاد کراوە، نزیکەی ١٨٠ بەرهەمی زانستی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، بەرهەمەکانی لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابوردوودا کۆکراونەتەوە و لە شەش بەرگدا چاپ کراون، ئینستیوتی ئێتنۆگرافیای سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا ناوی ئەوی هەڵگرتووە، هەروەها ئەو شەقامەی زانکۆی دۆستایەتی گەلان "پاتریس لۆمۆمبا"ی لە سەرە بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر میکلوخە مەکلای بڕوانە: ب. ن. پۆتیلۆف، نیکۆلای نیکۆلایەڤیچ میکلوخە مەکلای، لاپەڕەکانی ژیاننامەی، مۆسکۆ ١٩٨١. (بەزمانی ڕووسی).

٧- شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، بەرگی دووەم، ئێ. ئی. ڤاسیلیڤا وەری گێڕاوە بۆ ڕووسی و پێشەکی، تێبینی بۆ نووسیوە و پاشکۆی بۆ ئامادە کردووە، مۆسکۆ ١٩٧٦، ل١٣. (بە زمانی ڕووسی).

٨- سەرچاوەی بەشێکی ئەم زانیارییە نوێیانە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی ئەو دوو توێژەرەی زانکۆی ئەستەنبۆلە کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم، دەبێ یەکسەر ئەوەش بڵێم بەشێک لە زانیارییەکانیان هێشتا گریمانەن و پرسیاری زۆر هەڵدەگرن و دەبێت چاوەڕوانی دۆزینەوەی بەڵگەنامەی مێژوویی زیاتر بین بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواوی ڕووداوەکان بکێشین، بڕوانە:

Vural Genç, M. Dehqan, Reflections on Sharaf Khan Autobiography. (www.academia.edu.).

9- Ibid.

١٠- ڕاپەڕینەکانی جەلالییەکان زنجیرەیەک سەرهەڵدان و یاخیبوون بوون کە لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە دژی دەسەڵاتی عوسمانی لە باکووری کوردستان و ئەنادۆڵ ڕوویان دا و بەسەر یەکەوە نزیکەی سەد ساڵی خایاند، هۆزی جەلالی هۆزێکی گەورەی کوردە لە هەردوو دیوی سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بڵاوبووبووەوە، ئەندامانی وەک جەنگاوەری ئازا ناویان دەرکردبوو، یەکەمین سەرهەڵدانی جەلالییەکان ساڵی ١٥١٩ لە تۆقات ڕووی دا، ڕابەرێکی ئایینی عەلەوییەکان بە ناوی شێخ جەلال سەرکردایەتی سەرهەڵدانەکەی کرد، هەر لێرەشەوە ئەم ناوە بەسەر هەموو سەرهەڵدانەکانی ئەو سەد ساڵەدا بڕا، لە دەسپێکدا سەرهەڵدانەکە بریتی بوو لە تەقینەوەی تووڕەیی عەلەوییەکان لە دژی کوشتار و کردەوە نامرۆییەکانی سوڵتان سەلیم بەرانبەر بەوان، دواتر هۆکاری جۆراوجۆری دیکە ڕۆڵی سەرەکییان لە سەرهەڵدانەکاندا دەبینی. سیاسەتی بێبەزییانەی کاربەدەستانی عوسمانی، باجی گران، چەوسانەوەی جووتیاران، ڕەشبگیری گەنجان بۆ سەربازی و بردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ و دواتر بەرەڵڵا کردنیان بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی ژیان، هۆکار گەلێک بوون کە هەمیشە سوپایەکی زەبەللاح ئامادە بن بۆ سەرهەڵدان، دید و بۆچوونەکان لە بارەی ئەم ڕاپەڕینانەوە ناکۆک و دژبەرن، بەلای هەندێکەوە سەرهەڵدانی جەماوەری بوون لە دژی چەوسانەوە و نادادوەری و بەلای کەسانی دیکەوە بریتی بوون لە کردەوەی چەتەیی، ڕێگری و یاخیبوون، گرنگترین ڕابەرانی جەلالییەکان لەو سەد ساڵەدا شێخ جەلال، بابا زەنوون، قەلەندەر چەلەبی، قەرەیازجی و حەسەن ئەبخازی، یان حەسەنە شێت بوون. ڕاپەڕینەکان خەسڵەتی سەرهەڵدانی جەماوەرییان دەگرتە خۆ و هێزی جودا و بە مەبەست و ئامانجی جیاواز بەشدارییان تێدا دەکرد، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

White, Sam. The Climate of Rebellion in the Early Modern Ottoman Empire, Cambridge University Press, 2011.

١١- ڤوراڵ گەنج و مستەفا دەهقان لەو دوو وتارەیاندا ئاماژە بە هەندێ ئاڵۆزی و ململانێ لە ناو بنەماڵەی شەرەفخان دەکەن، بە تایبەتی لەگەڵ خەڵەفی برای و یەکێ لە کوڕەکانی. بۆ زانیاری فراوانتر لە سەر بارودۆخی ئەنادۆڵ و کوردستان لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە بڕواننە ئەم سەرچاوە مێژووییە:

Uuzunçarsili, I.H, Osmanli Tarihi,III, cilt I. Kisim:II, 6 baski, Ankara 2003 S.99,111.

**تێبینی:**

**ڤوراڵ گەنج و مستەفا دەهقان لە توێژینەوەکەیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان بە بەڵگەنامەکان کردووە:**

**1- The first document (fig. 1) is from sultan to the beylerbey of Van and a certain 'Abdullah Aga. In the central archive of Basbakanlik Osmanli Arsivi, it is document no. A.DVN.MHM. D., 935, 8/1, dated 27 Rabi' I 1011 / 14 September 1602.**

**2- The second document is from sultan to the same persons (dated 27 Rabi' I 1011 / 14 September 1602). Its number in the central archive of Istanbul, BOA, is A.DVN.MHM.D., 935, 8/2.**

**3- The third document is a hüküm of 27 Rabi' I 1011 / 14 September 1602, designated as BOA A.DVN.MHM.D., 935, 8/3.**

**4- The last document (fig. 2) is from sultan to Mustafa Pasa, the beylerbey of Van. It is written on 11 Rabi' II 1011 / 28 September 1602 and catalogued as A.DVN.MHM.D., 935, 17.**